# دەستگیرکردنی دەیان کەس لە شاری هەڵە بجەو بەدواداچونی ڕابەران و
# ڕیکخەرانی خۆپیشاندانەکەی هەڵە بجە ئیدانە دەکەین!

دەسەلاتداریتی ناسیونالیستی کورد، وەك پیشەی هەمیشەیی پەلاماری تەواوی خواست ومافەکانی خەڵك دەدات. لە ڕۆژی 3/16دا ساڵڕۆژی یادی کیمیایی بارانی هەڵەبجەدا، خەڵکی هەڵەبجە بەشێوەیەکی شارستانیو هێمنانە خۆپیشاندانیکیان ڕیکخست، کە پێشتر دەسەلاتدارانیان لە خۆپیشاندانەکەو لە داواکاریو خواستەکانی خۆیان ئاگادار کردبووەوە. بەڵام دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جگە لە سەرکوت چی دیکە دەزانیت بەرانبەر بەخەڵکی کوردستان؟! بۆیە بەبیٚ هیچ هۆو تەنانەت بیانویەك تەقە لە خۆپیشاندەران کراو هەر لەویدا یەکێك گیانی بەختکرد لە ڕیگای خەباتی دژی گەندەلیداو 10 کەسی تریش بریندار بوون.

لەو ڕۆژەوە تائێستا یەکێتیو دەسەلاتەکەی بەبیانوی ئەوەی کە "دەستێك "هەیە ئەو دەستەی کە خۆیان هەمیشە بەدەستیانەوەیە، کەوتۆتە ڕاونانو زیندانی کردنی دەیان کەس لەخەڵکی ئەمشارەو هەرئێستا ئاسایش بەدوای ڕابەرانو ڕیکخەرانی خۆپیشاندانی ڕۆژی 16ی مانگدا وێڵەو بە ترساندنی زیندانی کردن ئەیانەویٚ پاکانەیان پێبپربکەنەوە، تەنانەت هەلومەرجەکەی بەشێوەیەك لێشێواوە، کە بە تەلەفۆن هەڕەشەیەکی ناوکێشی ئاراستەی ئەوانەش کردوە کە لە ڕۆژی 3/18 لەڕادیۆی هاوپشتیدا چاوپێکەوتنیان کردوە. ڕیکخەرانو نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە

ڕابەرانو دڵسۆزانی خەڵکی شاری هەڵەبجەنو نوێنەرانی ڕاستەقینەی خواستو دواکاریەکانی ئێستای ئەوانن و هەر بەوپێیە کەسانی خۆشەویستی خەڵکی کوردستانن. ئەم کردەوە کۆنەپەرستو عەشیرتەگەریانەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەتەواوی جیگای ئیدانەو ئیمە بەتوندی ئیدانەی دەکەینو داوا لە خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و کوردستان دەکەین کە ئەم کارو سیاسەتە چەپەلانە ئیدانە بکەن.

لەهەمانکاتدا یەکێتی بەم هەراوهوریایەی"دەستێك"هەیە دەیەوێت کاری سەرکوتگەرانەی خۆی لە هەڵەبجەدا پێدابپۆشێت. ئێمە ڕادەگەیەنین کە لە ژێر هیچ ناوو بیانویەکدا نە یەکیتی نیشتمانی وە نە هیچ هیزو حزبێکی دیکە بۆی نیە ڕەش بگێری بکاتو ڕەش بگێری فەرهەنگێکی قێزەونو چەپەڵی بەشدەت دژی ئینسانی بەعس بوو،خەڵکی کوردستان نەفرەت لە ڕەش بگیری دەکەن. ئەگەر "تیرۆریست"هەیە هەروەکو بەرپرسی مەڵبەندی شارەزور ڕایگەیاند لە ڕادیۆی هاوپشتیەوە ئێستا مەلا بەختیار لەکوردساتەوە جەخت دەکاتە سەری ، ئەوا با ئاشکرا بکرێتو نەکرێتە بیانوی ئەوەی خەڵکی ئازادیخوازو نارازی پیٚ زیندانی بکرێت. ئەمنیەتی ڕابەرانو هەڵسوراوانی خۆپیبشاندانەکەی شاری هەڵەبجە لە ئەستۆی یەکیتی نیشتمانیدایە.

پێویستە دەست بەجیٚ تەواوی ئەکەسانەی کە لە خۆپیشاندانەکەدا بەشداریان کردوە بێقەیدو شەرت ئازاد بکرێنو بەبیانوی "دەستێگ هەیە" حەشار نەدرینو سەرکوتو زیندانی نەکرێن.

ڕیکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

20/3/2006